# هەرێمی کوردستان ناوێکی گەورەو  ناوەڕۆکێکی پڕ لەکێشەو قەیران

## ڕووداوەکانی بادینان بەنمونە

نەجات ئەسپیندارەیی



گیانی شەڕەنگێزی بەڕێژەیەکی کەم لەناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە , بەڵام گەر زەمینەی بۆسازبکرێ زیاتر گەشەدەکات و ئەو مرۆڤە دەچێتەناو کەوڵی گورگەوەو دەبێتە جانەوەرێکی هێرەشبەر , دەسەڵاتی کوردیش لەوەتی حوکمی وڵاتی کەوتۆتە دەست هەمیشە خەریکی زەمینە سازکردنە بۆ ڕاهێنانی هەندێک کەس و لایەنگری خۆی لەسەر کلتورێکی قێزەوەن , کە گیانی شەڕەنگێزی و هێرەش بردن و تۆڵە سەندنەوەو سوتاندن و تالانکردنی دام و دەزگاو بارەگای حیزبەکانە , بێگومان ئەوەش دەقاودەق زیندوو کردنەوەی کلتوری بەعسە , چونکە بەعسییەکانیش هەمان ڕەفتاریان بەرانبەر بە نەیارەکانی خۆیان دەکرد , کە بریتی بوو لە موڵک و ماڵ سوتاندن و تێکدانی گوندو بەتالان بردنی سەروەت و سامانەکەی ,  دەسەڵاتی کوردی لەدوای ڕاپەڕینی 1991 بەتایبەتیش لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقدا دەبوا هەموو هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئەوە بوایە کە ئەو نەریتە پیسە ئەو کلتورە قێزەوەنە لەزەینی خەڵکدا بسڕێتەوە , دەبوا خەریکی بەرهەمهێنانی مەعریفە بوایەو تاکەکانی کۆمەڵگای لەسەر هۆشیاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئینتیمای نیشتمانی پەروەردە کردبا , نەک ڕک و کینە لەناخی خەڵکدا بچێنێ و خەڵک سەرقاڵ بکات بەشتی بێ بەهاو دور لەهەموو داب و نەریتێکی کوردەواری , ئەوەی لەبادینان ڕوویدا من دڵنیام چەندین جاری دیکەش ڕوو دەداتەوە , چونکە عەقڵەکان ئەوەندە گەشەیان نەکردووە تا بتوانن تەجاوزی ئەم حاڵەتە بکەن , دەسەڵاتی کوردی هێشتا لەحاڵەتی نەش ونما کردندایەو نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ ئیدارەی خۆی بەڕێک وپێکی بکات , چونکە لەسەردەمی شارستانیەت و عەولەمەو تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوودا هێشتا وەک مرۆڤی ناو ئەشکەوت و جەنگەڵەکان بیردەکاتەوە , بۆیە لەڕابردووشدا لەچەندین دەرفەتی زێڕیندا نەیتوانیوە وەکو میللەتانی دەوروبەرمان کیانێک بۆخۆی دابین بکات , بەتایبەتی لەسەروبەندی هەڵوەشانەوەی ئەمبراتۆریەتی عوسمانیدا , ئەگەر چاوێک بەمێژوودا بگێڕین دەبینین کە سەرۆک هۆزو میرەکانی کورد قەت ڕۆژێ لەڕۆژان لەگەڵ یەکتر تەبا نەبوونە , میرنشینی سۆران و میرنشینی بادینان هەمیشە دژایەتی یەکتریان دەکرد , یەکێک پاڵی دابووە دەوڵەتی عوسمانی و ئەوەی تر پاڵی دابووە دەوڵەتی سەفەوی , هۆکارەکەشی هەمووی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە سەرکردەیەکی دبلۆماسیمان نیە , بەڵکو سەرکردەکانمان خاوەن تفەنگ و خەنجەرن و هەر بەزمانی تفەنگ و خەنجەر بیردەکەنەوە بۆیە حاڵی ئەم میللەتە واخۆشە , ئەوەی لەبادینان ڕوویدا لەعەقڵیەتی ئەو تیرەو هۆزانە دەچێت کە کاتی خۆی لەسەر سەگێک یان لەسەر ماینێک بەشەڕ دەهاتن و چەندین کەسیان لەیەکتری دەکوشت , ئەوە عەقڵی سەرۆک هۆزو تیرەو قەبیلەکان بوو نەک عەقڵی سەرکردە سیاسییەکان , بەڵام ئەوەی ئێستا ڕوودەدات نازانم چ ناو ونیشانێکی بۆ بدۆزینەوە , مەگەر شاعیرو ڕۆمان نووسەکان ناو و نیشانێکی بۆ بدۆزنەوە , ئاخرهێشتا ڕووی نەداوە لەتاریخی میللەتا سەرکردەیەک دژی نەتەوەکەی خۆی سیناریۆ دروست بکات و ئاژاوە لەنێوان پێکهاتەکانی نەتەوەکەی خۆی بخولقێنێ , فتیلە دروستکردن لەنێوان یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و برا مەسیحییەکان , فیتنەیەکی زۆر لەوە گەورەترە کە دەسەڵات بیری لێ کردۆتەوە , چونکە زەقنەبوتێکە دەکرێتە قوڕگی کۆمەڵگاکەمان بەهەموو پێکهاتەکانییەوە , بەڵام دەسەڵاتی کوردی زۆر دوربین نەبووەو عەقڵی هەر ئەوەندەی بڕکردووە , وای

زانیوە سیناریۆکە بە چوارپێنج ڕۆژێک تەواو دەبێت و مەرامەکەشی دێنێتەدی , ئێستاش کە شتەکە ڕوویداوە کێشەکە بەداوای لێبوردنێک و نۆژەنکردنەوەی بارەگاکان چارەسەر نابێت , کێشەکە بەوە کۆتایی نایە کە بەدوای تاوانباراندا بگەڕێن بۆ دۆزینەوەیان , بەڵکو دەبێ بەدوای ئەو عەقڵە دواکەوتووانەدا بگەڕێن کە دەسەڵاتدارن و خەڵک ئاراستە دەکەن بۆ کاری واقێزەوەن , بۆئەوەی بەرپرسیارێتی یان لێ بسەندرێتەوەو خەڵکی شیاو لەجێگایان دابنرێت , دەبێ ئەو عەقڵە دواکەوتووانە بدۆزرێنەوە کە خەڵک ئاراستە دەکەن بۆڕێگای چەوت , تا ئەو عەقڵە دواکەوتووانە چاوساغی ئێمەبن رۆژمان هەر ئەم رۆژە ڕەشەدەبێ , دەبێ کۆمەڵگا بەهەموو چین و توێژەکانیەوە بێتە دەنگ و چیتر بەوە ڕازی نەبێ چەند کەسایەتییەکی حیزبی و پراگماتیزمی یاری بکەن بەچارەنووسیان , چیتر بەوە ڕازی نەبن بۆ بەرژەوەندی حیزبێک یان چەند کەسێک ئایندەیان بکەوێتە مەترسییەوە , ئێستا هەزارەی سێیەم و سەدەی بیست و یەکەمە جێی سەیروسەمەرەیە کە مرۆڤ لەنێو قەفەس دابێت و نەتوانێ بەویستی خۆی جولە بکات و وەکو خەڵکی تر گەشەبکات و بەهرەو تواناکانی خۆی بخاتە گەڕ , ئەم میللەتە خاوەن داب و نەریت و بەهایەکی بەرزە , ڕابردوویەکی پاک و پڕ لەسەروەری هەیە , بۆچی بۆ بەرژەوەندی حیزبێک و چەند دەسەڵاتدارێک لەبەرچاوی خەڵک و ڕای گشتی جیهانەوە ناشیرین بکرێ , پێویستە دەسەڵاتداران هۆشیان بێتەوە بەرو ویژدانیان بجوڵێت و چیتر لەسەر جەستەی ئەم میللەتە خۆیان قەڵەو نەکەن , چونکە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ جام کە پڕبوو لێی دەڕژێ , لێرەدا ئەوەی زۆر جێی سەرنج و نیگەرانی خەڵکە ڕۆڵی لاوازی حکومەتە , حکومەت چ لەڕووداوی 17ی شوبات و چ لەڕووداوی بادینان هەڵوێستێکی جەریئانەی نەبوو , بەڵکو نەیتوانی دوو قسەی حەق بکات , دیارە ئەم حکومەتە تەنها حکومەتی باج و دەرامەتە , تەنها سەرقاڵی ئەوەیە بزانێ وەزارەتی شارەوانی چەندی ئیش کردووە باج و دەرامەت چەندی ئیش کردووە گومرگی سنورەکان چەندی ئیش کردووە , هەرچەندە گومرگی هەندێک لەسنورەکان سەربە حیزبن و حکومەت ناتوانێ تەماشاشیان بکات , قوڕبەسەری ئەم میللەتە لەوەدایە کە حکومەت لەبن باڵی حیزبدایە , کاروباری ئەم وڵاتە هەمووی لەبن دەستی حیزبدایەو حکومەتیش وەکو پۆلیس تەنها دەبێ فەرمانەکان جێبەجێ بکات , ئاخر ئەوە چ حکومەتێکە کە سەرۆکەکەی بەقەد مەسئولێکی ئاسایش دەسەڵاتی نەبێت کەس گوێی لێ نەگرێت ,

لەکۆتاییدا دەڵێم ئەم کوردە بێ سەرپەرشتە ئەم کوردە هەژارە چەند لەو ڕێبوارە دەچێت کە ساڵەهای ساڵە لەنێوان شارێکی تاریک و شارێکی وێراندا هاتوچۆ دەکات و ڕۆشناییەک نیە بەرپێی ڕوناک بکاتەوە , بۆیە هەنگاوەکانی بەئاراستەی خەراپدا دەچن کە بەویستی خۆی نیە , ئەم کوردە چەند لەو سیزیفە دەچێت کە ساڵەهای ساڵە بەردەکە بەرز دەکاتەوەو بەرلەوەی بگاتە لوتکە لێی گلۆر دەبێتەوە , واتا بەهەموو مانایەک ئەم کوردە بێ سەرپەرشت و بێ نەوایە .

najataspindary@hotmail.com